www.kurdistannet.org
30-1-2007 20:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وەکو کۆتر باری دەروونم شپرزەیە (دوا وتاری ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنیی تیرۆرکراو هرانت دینک) ... وەرگێرانی لە تورکییەوە: بەکر شوانی



ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە بارەگای سەردۆزگەریی کۆماری لە شیشلی بە تۆمەتی "سوکایەتیکردن بە تورکایەتی – کەمکردنەوە لە شکۆی تورکان" دژ بە من دەستپێکرا، لە سەرەتادا تووشی دڵەڕاوکێی نەکردم، چوون ئەوە یەکەم جارم نەبوو، بەڵکو من هەر لە ئورفاوە ئاشنای ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە بووم. ئەوەبوو لە کۆنفرانسێکدا کە لە ساڵی "2002"دا لە ئورفا بەسترا، من وتارێکم خوێندەوە و تیایدا گوتم: "من تورك نیم. . . من تورکیایی و ئەرمەنیم". لە بەر ئەو وتەیەم، ئەوا ماوەی سێ ساڵە من بە تاوانی "سوکایەتیکردن بە تورکایەتی" دادگایی دەکرێم. ئاگام لە ڕەوتی دانیشتنەکانی دادگا نەبوو و هیچ بایەخم پێنەددا. لە جیاتی من، هاوڕێ پارێزەرەکانم لە ئورفا ئامادەی دانیشتنەکان دەبوون. زۆریش بێباك بووم لە ڕۆیشتنم بۆ سەردۆزگەریی شیشلی بۆ وەرگرتنی وتەکانم، چونکە متمانەی تەواوم بە وتارەکەم و نیازی خۆم هەبوو. سەردۆزگەر ئەگەر لە بری ئەو تەنها ڕستەیە کە بە تەنیا هیچ واتایەك ناگەیەنێ، هەموو وتارەکەمی هەڵبسەنگاندبایە، ئەوا زۆر بە ئاسانی تێدەگەیشت کە من نیازی "سوکایەتیکردن بە تورکایەتی"م نەبووە و ئەم کۆمیدیایەش کۆتایی پێدەهات. تەواویش دڵنیابووم کە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکاندا هیچ داوایەکم لەسەر تۆمار ناکرێ.

لە خۆم دڵنیا بووم

وەلێ سەیرە! داوام لەسەر تۆمار کرابوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەشبینی خۆم لە دەست نەدا. ئەوەندە نەبێت لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ بەرنامەیەکی زیندووی تەلەفزیۆنی سەبارەت بە پارێزەر "کەرینچسز" کە منی تاوانبار کردبوو، گوتم: (با زۆر شاگەشکە نەبێت، من لەم داوایەدا هیچ جۆرە سزایەك نادرێم، خۆ ئەگەر سزا بدرێم، ئەوا لەم وڵاتە دەڕۆم. ) لە خۆم دڵنیا بووم، بە ڕاستیش هیچ -باوەڕ بکەن هەر هیچ- نیاز و مەبەستم نەبووە لە وتارەکەمدا سوکایەتی بە تورکایەتی بکەم. ئەوانەی هەموو زنجیرە وتارەکانم دەخوێننەوە، زۆر بە ڕوونی لەم ڕاستییە تێدەگەن. هەروەها ئەو ڕاپۆرتەی کە لەلایەن لیژنەیەکی سێ کەسی پێکهاتوو لە شارەزایانی دەستەی مامۆستایانی زانکۆی ئەستەمبوڵەوە خرابووە بەردەم دادگا، پشتیوانێکی تری بۆچوونەکانی من بوون. هیچ هۆیەك نەبوو بۆ ئەوەی نیگەران بم، دڵنیا بووم لەوەی ئەو داوایەی لە سەرم تۆمار کراوە، لەبەر ئەوەی هەڵەیە، لە یەکێك لە قۆناغەکاندا دەکێشرێتەوە.

"یا سابیر" ڕایکێشە. . . ڕایکێشە

بەڵام نەکێشرایەوە. سەرەڕای ڕاپۆرتی دەستەی شارەزایان، سەردۆزگەر خوازیار بوو سزام بۆ ببڕێتەوە و لە ئاکامیشدا دادوەر سزای شەش مانگ زیندانی بۆ بڕیمەوە. هەر کە هەواڵی سزاکەم بەر گوێ کەوت، بە هەموو ئەو ئاواتانەوە کە بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکان بۆ خۆم بنیادم نابوون، کەوتمە ژێر گوشارێکی قورسەوە. سەرم سوڕما. . . تووڕەیی و یاخیبوونم هەموو سنوورێکی تێپەڕاند. بە ڕۆژان و بە مانگان دانم بە خۆمدا گرت و دەمگووت: "بڕوانە، با ئەو بڕیارە دەربچێ و بێتاوانیم بنوێنرێ، ئەوسا بزانن چۆن لەو لێدوان و نووسینانەتان پەشیمان دەبنەوە. "لەگەڵ هەر دانشتنێکی دادگادا، لە هەواڵی ڕۆژنامەکان و لە وتاری گۆشەنووسەکان و لە پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکاندا، ئەوە دەهێنرایە گۆڕێ کە من

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گوتوومە: "خوێنی تورك ژەهراوییە. " هەر جارێکیش پلەیەك زیاتر وەکو "دوژمنی تورك" دەناسێنرام. فاشیستەکان لە ڕێڕەوەکانی دادگادا بە دەم بەخشینەوەی جنێوی ڕەگەزپەرستانەوە شاڵاویان بۆ دەهێنام و بە نووسراوی سەر لافیتەکانیان سوکایەتیان پێدەکردم. لە چەند مانگێکدا بە سەدان تەلەفۆن و ئیمایل و نامەی هەڕەشەئامێزم بەسەردا باری و هەڕەشەکان جار لە دوای جار زیاتر دەبوون. لە بەرامبەردا "یا سابیر"م لێکرد و لە چاوەڕوانی دەرچوونی بڕیاری بێتاوانیمدا، بەرگەی هەموو ئەو ڕەفتارانەم گرت. بە خۆم دەگوت؛ هەرچۆنێك بێت لەگەڵ ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگادا، ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن و ئەوسا ئەو کەسانە شەرم لە ڕەفتارەکانی خۆیان دەکەن.

## تاکە چەکی دەستم، سووربوونم بوو

بڕیار ڕاگەیەنرا و کۆشکی ئاواتەکانم هەرەسی هێنا. خۆم لە دژوارترین ڕەوشێکدا بینییەوە کە مرۆڤ تێی کەوتبێ. دادوەر بە ناوی "میللەتی تورکەوە" بڕیاری دابوو و تاوانبارکردنی منی بە "سوکایەتیکردن بە تورکایەتی" لە یاسادا جێگیرکردبوو. بەرگەی هەر شتێکی ترم بگرتایە، مەحاڵ بوو بەرگەی ئەمە بگرم. بە بۆچوونی من، مرۆڤ لە ناو کۆمەڵێکدا بژی و بە هۆی جیاوازی نەژادی و ئایینییەوە سوکایەتی بە مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵە بکات، ئەوا ئەم ڕەفتارەی دەکەوێتە خانەی ڕەگەزپەرستییەوە و بە هیچ جۆرێك لێخۆشبوونی بۆ نییە. ئا بەو بارە دەروونییەوە، ڕووم لە برادەرانی دەزگاکانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن کرد کە لەبەردەم دەرگای ماڵەکەم ڕاوەستابوون و دەیانویست ئەو لێدوانەم پشتڕاست بکەمەوە کە پێشتر "سەبارەت بە جێهێشتن یان نەهێشتنی وڵات ڕامگەیاندبوو". ڕووم تێکردن و ئەم لێدوانەم بۆ ڕاگەیاندن: (ڕاوێژ بە پارێزەرەکانم دەکەم. سەر لە دادگای تێهەڵچوونەوە دەدەم و ئەگەر پێویستیش بکات ڕوو لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا دەکەم. ئەگەر لە هیچ کام لەم ڕێگایانەوە بێتاوانیم نەسەلمێنرا، ئەوا وڵاتەکەم جێدەهێڵم، چونکە من بۆچوونم وایە کەسێکی تاوانبارکراو بەو تاوانەی کە دراوەتە پاڵ من، مافی ئەوەی نییە لە ناو ئەو هاووڵاتیانەدا بژی کە سوکایەتی پێکردوون. ) لە کاتێکدا ئەم وشانەم دەردەبڕی، وەکو هەموو جارێك هەستی سۆزداریم بزووا. تاکە چەکی دەستیشم، هەر سووربوونم بوو.

## کۆمیدیای ڕەش

بەڵام وەرن و ببینن، ئەم هێزە دێرین و شاراوەیە کە هەوڵدەدات من لە چاوی مرۆڤی تورکدا تاق بخاتەوە و بمکات بە ئامانج بۆ هێرش و پەلامار، بیانووی لەم لێدوانەمدا دۆزییەوە و ئەمجار بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر دادگا، داوایەکی تری لەسەرم تۆمار کرد. هەموو دەزگاکانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن لێدوانەکەی منیان بڵاوکردبووەوە، کەچی ئەوان ورکیان لەوەی "Agos" دابوو. ئەمجار لێپرسراوانی "Agos" و خۆیشم بە تاوانی کاریگەری دانان لەسەر دادگا، دادگایی کراین. پێویستە ئەمە ناو بنرێ "کۆمیدیای ڕەش. " منم تۆمەتبارکراو، ئایا لە تۆمەتبارکراو بترازێ، کێی تر ئەو مافەی هەیە کاریگەری لەسەر دادگا دابنێ؟ دە توخوا سەیری ئەم گاڵتەجارییە بکەن کاتێك تۆمەتبارکراو بە تاوانی کاریگەری دانان لەسەر دادگا، دادگایی دەکرێ.

## "بەناوی دەوڵەتی تورکەوە"

پێویستە دانی پێدا بنێم کە بە زیادەوە متمانەم بە "سیستەمی دادوەری" و "حقوق"ی تورکیا نەمابوو. ئاخر چۆن متمانەم پێ بمێنێ؟ ئەدی مەگەر ئەو سەردۆزگەر و دادوەرانە لە زانکۆ نەیانخوێندووە و دەرچووی کۆلێژەکانی یاسا نین؟ ئایا نابێت لە ئاستێکدا بن بە جۆرێك ئەوەی خوێندوویانە، لێی تێبگەن؟ وەلێ وەرن و ببینن، دادگای ئەم وڵاتە سەربەخۆ نییە و ژمارەیەکی زۆریش لە پیاوانی دەوڵەت و سیاسەتمەداران لە درکاندنی ئەم ڕاستییە سڵ ناکەنەوە. دادگا پارێزگاری لە مافەکانی دەوڵەت دەکات نەك هاووڵاتیان. دادگا لایەنی هاووڵاتیان ناگرێ، بەڵکو لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدایە. تەواو لەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دڵنیا بووم کە ئەو بڕیارەی لەدژی من درابوو، بەناوی "میللەتی تورك"ەوە نەبوو، بەڵکو بەناوی "دەوڵەتی تورك"ەوە درابوو. پارێزەرەکانم دەیانتوانی دۆسیەکەم بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە بەرز بکەنەوە، بەلاّم گەرانتی چی بوو ئەو هێزانەی پشت پەردە کە بڕیاریان دابوو من سنووری خۆم بزانم، کاریگەری لەسەر دادگا دانانێن؟ دوای ئەوە خۆ مەرج نییە دادگا هەمیشە بڕیاری ڕاست وەربگرێ. ئەدی مەگەر هەر ئەو دادگایە نەبوو کە بە دەرکردنی چەندین بڕیاری ناڕەوا دەستی بەسەر ماڵ و سامانی وەقفەکانی کەمینەنەتەوەکاندا گرت؟

## سەرەڕای هەوڵەکانی سەردۆزگەر

ئێ ئەوەتا سەرمان لە دادگای تێهەڵچوونەوەش دا، چی ڕوویدا؟ سەردۆزگەر، وەکو لە ڕاپۆرتی دەستەی شارەزایانیشدا هاتبوو، ڕایگەیاند هیچ هۆیەك نییە بۆ تاوانبارکردنم، بەلاّم کەچی دادوەر منی هەر بە تاوانبار دانا. من هێندەی لە وتارەکەی خۆم دڵنیا بووم، ئەوەندەش پشتقایم بووم کە سەردۆزگەریش خوێندوویەتییەوە و لێی تێگەیشتووە. ئەوەبوو سەردۆزگەر ڕەخنەی لە بڕیارەکە گرت و داواکەمی خستە بەردەم دیوانی گشتی دادگا. وەلێ بڵێم چی، ئەو هێزە گەورەیەی کە سووربوو لەسەر ئەوەی من سنووری خۆم بزانم و ئەگەری ئەوە هەیە بە چەند شێوازێك —کە بۆ من ئاشکرا نین- دەستی خستبێتە قۆناغ بە قۆناغی ڕەوتی دادگاییکردنمەوە، دیسانەوە لە پشت پەردەوە بۆم ڕاوەستابوو. ئەمەش وایکرد دیوانی گشتی دادگا بە زۆرینەی دەنگ ڕابگەیەنێ کە من سوکایەتیم بە تورکایەتی کردووە.

## وەکو کۆتر

ئەوانەی کە هەوڵیان دەدا گۆشەگیرم و لاوازم بکەن و ئامرازەکانی خۆپاراستنم لێ دابماڵن، دیاربوو بە بۆچوونی خۆیان پێیان وابوو کە بە ئاوات گەیشتوون. ئەوانە لە ئەنجامی کاریگەریی زانیاری چەپەڵ و هەڵەوە توانیان توێژێکی بە ژمارە زۆر پێکبهێنن کە "هرانت دینك"ی وەکو کەسێك کە سوکایەتی بە تورکایەتی کردووە، دەبینی. پەردە و ئارشیوی کۆمپیوتەرەکەم لێوانلێون لەو هەڵچوون و هەڕەشانەی کە هاووڵاتیانی سەر بە ئەو توێژە بۆ منیان ناردووە. (جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێم یەکێك لەو نامانە لە پۆستەخانەی بورسا-وە ڕەوانەکراوە و بە هۆی ئەوەی هەڕەشەیەکی نزیکی لەخۆ دەگرت، تەواو نیگەرانی کردم. سەرەڕای ئەوەی نامەکەم ڕادەستی سەردۆزگەریی شیشلی کردووە، کەچی تا ئەمڕۆ هیچ ئەنجامێکم دەستگیر نەبووە. ) ئایا ئەم هەڕەشانە چەندە ڕاستن و چەندە ناڕاستن؟ هەڵبەت مەحاڵە من ئەمە بزانم. بەش بە حاڵی خۆم، سەرەکیترین هەڕەشە بەلای منەوە، ئەو ئەشکەنجە دەروونییە کە پێوەی دەناڵم و خۆم بۆ ڕاناگیرێ لە بەریدا. "ئەو کەسانە ئێستا چۆن بیر لە من دەکەنەوە؟"، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هەموو هۆشی منی تەنیوە. بەداخەوە ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، زیاتر ناسراوم و لە جاران زیاتر لە نیگای مرۆڤەکاندا هەست بە "ئا بڕوانە، ئەوە ئەو ئەرمەنییە نییە؟" دەکەم و لە کاردانەوەی ئەمەشدا دەکەومە ئەشکەنجەدانی خۆم. لایەکی ئەم ئەشکەنجەیە خەم و ئەندێشەیە و لایەکیشی ڕاڕایی و نەسرەوتنە. لایەکی ئاگا لەخۆبوونە و لایەکەی تریشی ترسە. من هەر بە تەواوی لە کۆتر دەچم. . . وەکو کۆتر نیگا دەبڕمە ڕاست و چەپ و پێش و پاشم. سەرم هێندەی سەری کۆترێك لە جووڵەدایە. . . لە ئان و ساتدا ئاوڕ دەداتەوە و تا بڵێی خێرایە.

## ئەوەتا بەدەل بۆ ئێوە

ئەوە وەزیری دەرەوە عەبدوڵا گوڵ چی دەگووت؟ وەزیری داد جەمیل چیچەك چی دەگووت؟ (گیانەکەم، ماددەی 301 شایەنی هێندە زیادەڕۆیی پێوەکردن نییە. ئایا کەسێك هەیە بەم ماددەیە سزا درابێت و چووبێتە زیندانەوە؟) هەروەکو ئەوەی بەدەل تەنها ئەوە بێت مرۆڤ بخرێتە زیندانەوە. . . ئەوەتا بەدەل بۆ ئێوە. . . ئەوەتا بەدەل بۆ ئێوە. . . ئێوە ئەی وەزیرەکان، ئایا دەزانن "وەکو کۆتر هەستکردن بە مەترسی" چۆن بەدەلێکە بۆ زیندانیکردن؟ ئایا دەزانن. . . ؟ گەلۆ ئێوە هیچ سەرنجتان لە کۆتر داوە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەکو گوتراوە "مان و مردن"

خۆم و خێزانم بە قۆناغێکی دژواردا تێپەڕین. . . زۆر بە جدی هەندێك جار بیرم لەوە دەکردەوە وڵات بەجێبهێڵم و دوور بکەومەوە، بە تایبەتیش کاتێك گەف و هەڕەشەکان گەیشتنە کەسانی نزیکم. . . لەم خاڵەدا هەمیشە بێچارە بووم. ئەمە دەبێ ئەوە بێت کە پێی دەگوتری ژیانی "مان و مردن". دەمتوانی بەرگری لە ئیرادەی خۆم بکەم، بەڵام مافی ئەوەم نەبوو ژیانی هیچ کام لە کەسوکارم بخەمە مەترسییەوە. خۆ دەمتوانی ببم بە پاڵەوان، وەلێ مافی ئەوەم نەبوو گەمە بە ژیانی کەسێکی تر بکەم بۆ ئەوەی جوامێری بنوێنم. بۆیە لە ساتەکانی بێچارەییدا خێزانەکەم و منداڵەکانم کۆدەکردەوە و هانام بۆ ئەوان دەبرد و هەر ئەوانیش گەورەترین پشت و پەنام بوون. متمانەی تەواویان پێم هەبوو، من لە کوێ بوومایە، ئەوانیش دەهاتنە ئەوێ. بمگوتبا "با بڕۆین"، لەگەڵم دەهاتن. بمگوتبا "با بمێنینەوە"، دەمانەوە.

مانەوە و بەرگریکردن

باشە، ئەگەر بڕۆین، ڕوو لە کوێ بکەین؟ بۆ ئەرمەنستان؟ باشە، کەسێکی وەکو من کە لێرە خۆی لەبەر نارەواییدا بۆ ڕانەگیرابێ، ئایا لەوێ لە بەرامبەر نارەواییەکاندا چی لە دەست دەهات؟ بە چیدا بمزانیبا لەوێ تووشی بەڵای گەورەتر نابم؟ چوون بۆ وڵاتانی ئەوروپا و بەسەربردنی ژیانیش لەوێ، هیچ بۆ من دەستی نەدەدا. من کەسێکی وەهام، لێرەوە بۆ ئەوێ، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بچمە ڕۆژئاوا، لە ڕۆژی چوارەمدا بێزار دەبم و بیری وڵاتەکەم دەکەم و دەڵێم: "دەبا ئیدی ببڕێتەوە و بگەڕێمەوە. " جا بەم حاڵەوە لە ئەوروپا چیم پێ دەکرا؟ کەوتبوومە بارێکی دژوارەوە. بەر لە هەموو شتێك، جێهێشتنی "دۆزەخی داگیرساو" و هەڵاتن بۆ "بەهەشتی ئامادە" لەگەڵ پێکهاتەی مندا نەدەهاتەوە. ئێمە لەو مرۆڤانەین کە خوازیاری گۆڕینی دۆزەخین بۆ بەهەشت. مانەوە و بەسەربردنی ژیان لە تورکیا هەم ئارەزووی ڕاستەقینەی خۆمان بوو، هەم بۆ پێویستی ڕێزگرتن بوو لەو هەزاران دۆستە ناسراو و نەسراوانەمان کە لە تورکیا لە پێناوی دیموکراسیدا تێدەکۆشن و پشتیوانی لە ئێمە دەکەن. بڕیارمان دا بمێنینەوە و بەرگری لە خۆمان بکەین. بەڵام ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ناچار بین بڕۆین، ئەوا وەکو ساڵی "1915" دەکەوینە ڕێ و دەڕۆین. . . وەکو باپیرانمان. . . بێ ئەوەی بزانین بەرەو کوێ دەڕۆین. . . بەو ڕێگایانەدا دەڕۆین کە ئەوان پیایدا ڕۆیشتبوون. . . هەست بە دژوارییەکانیان دەکەین و ئازارەکانی ئەوان دەچێژین. . . بەو جۆرە بەدەم گلەییەوە وڵات بەجێدەهێڵین. . . ڕوو لەو شوێنە دەکەین کە پێیەکانمان دەمانبات بۆی، نەك دڵمان. . . سا ئیتر هەر شوێنێك بێت.

ترسنۆك و ئازاد

ئومێدەوارم هیچ کاتێك دووچاری کۆچێکی لەو جۆرە نەبین، بۆ دووچار نەبوونیش ئومێدی زۆر و هۆکاری زیادمان هەیە. ئێستا ئیدی سەر لە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا دەدەم. ناشزانم ئەم دۆزە چەند ساڵ دەخایەنێ. تەنیا ڕاستییەك کە دەیزانم و برێك ئاسوودەییم پێدەبەخشێ، ئەوەیە هەر هیچ نەبێت هەتا ئەم دۆزە کۆتایی دێت، لە تورکیا درێژە بە ژیان دەدەم. ئەگەر دادگا لە بەرژەوەندی من بڕیار بدات، ئەوا بێگومان زۆر شادمان دەبم و ئەمە واتای ئەوەیە کە ناچار نابم وڵاتەکەم بەجێبهێڵم. پێدەچێت ساڵی 2007 ساڵێکی دژوار بێت بۆ من. دادگاییکردن درێژەی دەبێت و دادگایی نوێش دەست پێدەکات. کێ دەزانێ لەمەودوا دووچاری نارەوایی چۆن دەبمەوە؟ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تاکە متمانەی من ئەوە ڕاستییەیە کە دەیزانم. بەڵێ، وەکو کۆترێکی شپرزە خۆم دێتە بەرچاو، بەڵام دەشزانم مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە دەست بۆ کۆترەکان نابەن. کۆترەکان لە قوڵایی شارەکان و لە ناو مرۆڤەکاندا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن. بەڵێ، کەمێك بە ترسەوە، بەڵام بە ئازادی.

---

تێبینیی وەرگێڕ:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە ڕۆژی (19ی کانوونی دووەم 2007) دا و لەو ساتەدا کە ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی "هرانت دینك" لە بەردەم بارەگای هەفتەنامەکەیدا لە ئەستەمبوڵ درایە بەر دەستڕێژی گوللە و تیرۆرکرا، ژمارە 564 ی هەفتەنامەی (Agos) ی نیوە ئەرمەنی و نیوە تورکی تازە گەیشتبووە دەستی خوێنەران. ئەم وتارەی هنرات دینك لەوێدا بڵاوکراوەتەوە. منیش وەکو ڕێزگرتن لە بیر و بۆچوونی دیموکراسیخوازانەی ئەو مرۆڤە بە ناڕەوا تیرۆرکراوە، وتارەکەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. ئەم وەرگێڕانە پێشکەش دەکەم بە گڵکۆی هرانت دینك و، بە هاوسەرەکەی و هەر سێ منداڵەکەی، کە گەورەترین پشت و پەنای ئەو بوون.

بۆ زانیاریی زیاتر بە زمانەکانی تورکی و ئینگلیزی و ئەڵمانی دەربارەی هنرانت دینك، بڕوانە:

www. agos. com. tr

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.